# سیناریۆی دیاریکردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی نیشتمانی ،سینایۆیەکی پوچە!

**عبدالله مەحمود**

لەچوارچێوەی سیناریۆی پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراق و حکومەتدا،سیناریۆی پێکهنانەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق "پەرلەمان" دەستی پێکرد،پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی نیشتمانیش لەڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی پاریزگاکانەوە بەرێوەدەچێت.وا بریاریشە لە دوو تا سێ هەفتەی داهاتودا نوێنەرانی کۆنگرەی سەرجەم پارێزگاکان یەکەمین کۆبونەوەی خۆی بەئامادەبوونی تەواوی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی پاریزگاکان لە شاری بەغدا ببەستێت. کە تیایدا میکانیزمی هەڵبژاردنی 81کەس لەو نوێنەرانە بۆ پەرلەمانی داهاتوو و مەسەلەی ماف مرۆ و دادپەروەری و ....تاوتویێ بکات.

لێرەدا نامەوێت باسی سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی نیشتمانی،یان باس لە کاریکاتۆربوونی ئەم پەرلەمانە"ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق"بکەم کە بریارە لەداهاتویەکی نزیکدا کۆبونەوەی خۆی بکات و تیایدا مۆری نوێنەرایەتی خەڵکی عێراق بدرێت لە بەروکیان.بەڵکو مەبەستمە ئاماژەیەك بکەم بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پاریزگاکانی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.

لە پاریزگاکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا، و لە هۆڵە داخراوەکاندا نوێنەرانی یەکێتی و پارتی و گویێ لەمستانیان لە رێکخراوە جەماوەریەکانی سەربەخۆیان(کەناویان ناوە نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی) و سەروك هۆزە

**ناسراوەکان... ئەندامانی نوێنەری پاریزگاکان بۆ کاندیدی ئەنجومەنی نیشتمانی دیاریکران.**

**یەکێتی و پارتی بێگوێدانە هیچ حساباتێك بۆ شعوری خەڵکی کوردستان تەنانەت ئەحزابی چواردەوری و هاوپەیمانی خۆیان،بەر لەکۆبونەوەی هۆڵەکان بۆ دیاریکردنی نوێنەرانیان،لە کۆبونەوەکانی هەردوو مەکتەب سیاسی خۆیاندا لە دوکان و سەلاحەدین،لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی نوێنەران و بەشی حزب و لایەنەکان رێکەوتبوون،کەچی بێشەرمانە بەم شێوازە لە دیاریکردنی نوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی دەڵێن لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا ئەندامان و نوێنەرانی خەڵکی پاریزگاکان هەڵبژێردران،چ شەرمەزاریەکە!دەوڵەت و حکومەتێکی قوتکراوەی دەستی ئەمریکاو کرێگرتەکانی لە بەرەی کۆنەپەرستی بۆرژوازی عێراقیدا وەکو هەوڵێك بۆ بێئیرادەکردنی خەڵکی عێراق کەخۆی هیچ شەرعیەتی نیە،وە یەکێتی وپارتی بەدرێژایی زیاتر لە 13 ساڵ نەیانتوانی شەرعیەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنن و دام ودەزگابەناو شەرعیەکانی وەکو حکومەت و پەرلەمانیان لە بێشەرعیەتیدا داروخان و دووحکومەتی حزبی قوتکرانەوەو پەرلەمانی تەمەن 11ساڵەش بەمەلەفی بەشداری لە شەری ناوخۆیی و مەلەفی بەعسی زۆرێك لە ئەندامانی و مەلەفی کریگرتەیی بۆ وولاتانی ناوچەکەو ..... کە زەرەیەك شەرعیەتی نیە.ئیستا بەدیاریکردرنی چەند کەسێکی سەربەخۆیان دەیانەوێ شەرعیەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە سیناریۆیەکی ئابروبەرانەدا پێشێل بکەن.**

**یەکێتی و پارتی وەکو دوو حزب کە خاوەنی مەلەفی بێسەروشوێنکردن و ئەتککردنی دیلی شەری ناوخۆن،خاوەنی مەلەفی بەتالانبردنی پاروی دەمی منالان و خەڵکی کوردستان و دزینی ملیونان دۆلارن، وائێستاش بەدوور لە چاوی خەڵك و بێگوێدانە هیچ پرانسیپێك دەیانەوێ ژمارەیەك لە کەسانی**

سەربەخۆیان وەکو نوێنەری خەڵکی پاریزگاکانی کوردستان نیشانبدەن و بەناوی ئەوانەوە یاساو بریاری دژی ئینسانی و ئازادی و لە ئەنجومەنی کارتۆنی ئیشتمانی"پەرلەمان" عێراقیدا بەسەریاندا بسەپێنن.

چ چاو قایمیەکە!یەکێتی و پارتی کە چەندین ساڵە پەرلەمانەکەیان ئیکسپایەر بووە، کەچی بێشەرمانە بەناوی پەرلەمانەوە فەزلفرۆشی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە دەکەن، چەندین ساڵە ئیدعای یەکخستنەوەی دوو ئیدارە حزبیەکەی خۆیان بۆپیادەنارێت و قڵشتی نێوان خۆیانیان بۆ پینەناکرێت،کەچی هەر ئەم جەنابانە و هەریەکەیان لە ژێر قەڵەمرەوی دەسەڵاتداریتی خۆیاندا کەسانی سەربەخۆیان وەکو نوێنەری خەڵك دەناسێنن و رەوانەی پەرلەمانێکی کارتۆنیان دەکەن.

لەکەس شاراوە نیە،ئەو جەنابانەی کە بەدوور لەچاوی خەڵکی لەلایەن یەکیتی و پارتیەوە دیاریکراون و مۆری نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەدرێت لە ناوچەوانیان، نەك هەرنوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکەن، بەڵکو ئەمانە نوێنەرانی هەر ئەو حزبانەن کە ئەوەندەی بۆیان کراوە نوێنەرانی بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریە کرێکاری و رادیکال و پێشکەوتنخوازەکانیان سەرکوت و زیندانی کردووە، ناوناتۆرەیان بۆدروست کردون، لەسەر کارو پیشەکانیان وەلایان ناون،ئاخر شاپپور عبدااقادرو قابیل عادل چونکە ڕابەرو نوێنەری ئاوارەکانیان ئەکرد،چەندجار رەوانەی زیندانکران؟بەکر علی لە سلیمانی لەسەر هەمان نوێنەرایەتی بە رۆژی رووناك گولله باران کرا،نوێنەرانی خوێندکاران،خانوەبێتاپۆکان،ژنان و مانگرتنەکریکاری و جەماوەریەکان،نوسەرانی پێشکەوتنخواز.... هەرەشەیان لێکرا وە لەسەر کاردەرکراون،بەتابوری پێنجەم و دژی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان...ناوزەدکراون. نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەمانەن کە بۆ

خواستەکانی خەڵك تێکوشاون،بۆ باشبوونی ژیان و گوزەران خەڵکی بێدەرەتان وبرسی رابەرو پێشەنگ بوون.
یەکێتی و پارتی وەکو دووحزب و دووباڵی یەك بزوتنەوەی کۆنەپەرستی قەومی کورد،سەرباری هەرئیدعایەکیان سەبارەت بەدیموکراسی و ....بۆیەك سەعات و رۆژیش لەهەموو مێژووی خۆیاندا نەیانتوانیوە رێز لە نزمترین بەهائینسانیەکان بگرن و ئیرادەی خەڵکی بەرەسمی بناسن.حزبە قەومیەکانی چواردەورو موچە خۆریشیان سەرباری ئەوەی هەموو ئەوراستیانە ئەزانن و چەندین تەجروبەی وەکوهەڵبژاردنی پەرلەمان،شارەوانیەکان،خوێندکاران....تێپەراندووە،بەڵام بەو هۆیەوە کە ئیرادە"موچە"یان لەدەستی یەکێتی و پارتیدایە،سەرباری هەرنارەزایەتیەکی شەرمنۆکانەیان،هەر هەڵکوڵماوی قاپی بەردەم یەکێتی و پارتین!!.
هیچ گومان لەوەدانیە کە نوێنەرانی واقعی خەڵکی کوردستان نە باوەریان بە سیناریۆی پێکهێنانی ئەم پەرلەمانە کارتۆنیە هەیەو نەئامادەن لە سیناریۆیەکی ئاوا کۆنەپەرستانەدا بەشداری بکەن.بەشدار نەبوونی نوێنەری خەڵکی کوردستان و نوێنەری بەرەی رادیکال و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا و تەنانەت نارەزایەتی و کشانەوەی بەشێك لە حزب و لایەنەسیاسیەکانیش لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەری پاریزگاکان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی کۆنگرەی نیشتمانیدا بووە هۆی ئەوەی کە کۆبونەوەی کۆنگرەی نیشتمانی!! لەسەر داوای کوفی ئەنان لە 31ی ئەم مانگەوە دوابخرێت بۆ سێ هەفتەی تر.
نەك هەرخەڵکی کوردستان وبەڵکو هەرحزب و لایەنێکی سیاسی ئەگەر بە ئەندازەی تاڵەدەزویەك پابەندی دیموکراسی و رێزگرتن لە بەها ئینسانیەکان بن،دەبێ ئەم شێوازی هەڵبژاردنەو ئەم پەرلەمانە کارتۆنیەی کە وابریارە وەکو هەنگاوێك و هەوڵێکی تر بۆ بێئیرادەکردنی خەڵکی قوتبکرێتەوە ریسوا بکەن.

2004/7/30